www.kurdistannet.org
17-4-2003 23:55

# پیرۆزبایی سەرفرازی
# لە گەلەکەمان لە باشووری کوردستان
# لە هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز

ئەو ڕۆژەی کە خەونمان پێوە دەدی و ئاوات و ئارەزووی هەموومان بوو، ڕۆژی سەرفرازی بوو، کە بە هەرەسهێنانی قەڵای زۆرداری بەعس لە باشووری کوردستاندا هاتە دی و پێی شاد بووین.

ئێمە، وەک تۆڕی داخوازینامەی ژنی کورد، کە خەباتێکی ئازادیخوازانە بەڕێوە دەبەین بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و یەکسان، لەم بۆنە بێوێنەیەدا، کە تاریکترین قەڵای زۆرداری هەرەسی هێنا، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو ئازادیخوازانی دنیا و گەلەکەمان دەکەین. گەورەیی ئەم ڕۆژە بۆ ئێمە لەوەدایە کە هاوکات ڕژێمی ڕەشی بەعس و دارودەستە تیرۆریستەکانیش هەرەسیان هێنا. تەفروتوونابوونی گروپی تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام، کە نەهەمەتییەکی گەورە و شێرپەنجەی جەستەی کۆمەڵگەکەمان بوون، ڕووداوێکی بێوێنە و شایانی شادمانییە. بۆ ئەم مەبەستەش بە تایبەت پیرۆزبایی لە ژنی کورد دەکەین کە بەربەستێکی گەورە لە ڕێگەی خەباتی ڕەوای ڕزگاریخوازانەی لاچوو.

لەم بۆنەیەدا شەهیدە نەمرەکان و قوربانییە لە ژمارەنەهاتووەکانمان وەبیر دەهێنینەوە. یادی قوربانییەکانی هەڵەبجە و ئەنفال، ئەوانەی لەسەر ئازادیخوازییان لە سێدارە دران، ئەوانەی ژیانیان لە زیندانەکاندا بەسەر برد، ئەوانەی ونکران، خەباتی ئەوان بوو ڕێگەی بۆ هێنانەدی ئەم خەونە خۆش کرد. ڕەوانیان شاد بێت، ئەو ئازادیخوازانەی کە لە پێناوی ئێمەدا گیانیان بەخشی. لەم ڕۆژە شادەدا یادیان دەکەینەوە و لە خەندەکانی خۆمان چەپکێ گوڵی شادمانی بۆ گیانی هەریەکێکیان دەچنینەوە و دەنێرین.

بژی کوردستانی ئازاد

**تۆڕی داخوازینامەی ژنی کورد**

**١٦-٠٤-٢٠٠٣**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت